یەکێتیی و پارتی گفتوگۆ لەسەر دواین پەرەسەندنەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم دەکەن



وتەبێژی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە لێدوانێکی بۆ میدیای فەرمی یەکێتیی ڕایگەیاندووە، ئۆمێد شەمم شاندی دانوستانکارانی پارتی و یەکێتیی لەژێر سلێمانی کێدەبنەوە، "لەم کۆبوونەوەکەدا یەکێتیی و پارتی گفتوگۆ لەسەر دواین پەرەسەندنەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم دەکەن".

سەعدی ئەحمەد پیرە گوتوویەتی: تیمی تەکنیکی یەکێتیی و پارتی لەماوەی ڕابردوودا ڕەشنوسێکیان وەک ستراتیژی بەڕێوەبردنی حکومەتی داهاتوو ئامادەکردووە و وابیارە ئەمڕۆ لەم کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو ستراتیژە بکەن کە دەبێتە بناغە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێم".

پێشتر، لە ڕۆژی 29ـی کانوونی دووەمی/یەکی 2025، لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسێک لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی کابینەی دەیەمی هەرێمی کوردستان کۆبنەوە.

پشتر میدیای فەرمی یەکێتیی رایگەیاندبوو، گفتوگۆی لایەنە تەکنیکییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لەنێوان یەکێتیی و پارتی بەردەوامی هەیە و جارێکی دیکە لیژنە هاوبەشەکانی هەردوولا بۆ پێکهێنانی حکومەت کۆدەبنەوە.

لیژنە هاوبەشەکە ئەرکیانە ڕەشنوسێک لێبارەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی حکومەتی داهاتووی هەرێم ئامادە بکەن، کە لێستادا بەشێکی زۆری کارەکانیان تەواو بوون و پاشان ڕەشنوسی کۆتایی گفتوگۆکانی لیژنەکە دەخرێتە بەردەم هەردوو وەفدی باڵای یەکێتیی و پارتی بۆ بیاردان لەسەری.

پێشتریش وتەبێژی یەکێتیی لەکۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو، لەئێستادا لەنێوان یەکێتیی و پارتیدا باس لەهیچ پێستێک نەکراوە، ئەوەی دەوترێت و باس لە دابەشکردنی پێستەکان دەکرێت پێوپاگەندەیە، ئەگەر لەسەر بەرنامەی حکومەت ڕێکنەکەوین یەکێتیی پێستی بۆ چییە.